# چاوپێکەوتن لەگەڵ «بڕوا عەلادین»
# بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی

**پرسیار: لە دوا چاوپێکەوتندا لەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ»دەڵێیت ململانێی ئاییندەی عێراق ململانێیەک دەبێت لە نێوان دیموکراسی و ئاین دا، بەڵام ئایا دەتوانێت هەوێنی ئەو هێزە دیموکراسییانەمان نیشانبدەیت؟ چونکە هەر خۆت لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێیت ئێمە بە چەپ و ڕاست و دینی و نادینییەکانمانەوە، هەموو دەرهاویشتە و بکەرەکانی ئەو کۆمەڵگەی پرسە مەرگدۆستەین کە تا سەر ئێسقان دژی کۆمەڵگای مەدەنی و مرۆڤدۆستی و دیموکراسییە؟**

بەختیار عەلی: قسەکردن لەسەر کۆمەڵگای پرسە مانای ئەوە نییە، کە کۆمەڵگای ئێمە قەڵایەکی داخراوە، لەدەرەوەی دونیا، لەدەرەوەی مێژوو، لەدەرەوەی کاریگەری. مانای ئەوە نییە، کە ئێمە لە بورجێکدا دەژین هیچی تیا دروستنابێت، ئادەمییەکان لەسەر خولیای مردن کرکەوتوون، هێزی ژیان بوونی نییە، خەون بوونی نییە. ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیە لە چەمکی کۆمەڵگای پرسە. کۆمەڵگا شتێک نییە هیچ کەس بتوانێت کورتیبکاتەوە بۆیەک چەمک... مەرگدۆستی، پرسەپەرستی، شیوەنسالاری کۆمەڵێک میکانیزمی ناوەکی گرنگی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەن، بەڵام لەدواجاردا کۆمەڵگا یەکسان نییە، بەو شتانە. لەگەڵ بەعسدا، لەگەڵ ڕاپەڕیندا، لەگەڵ ڕەودا، لەگەڵ شەڕی ناوخۆدا، لەگەڵ شەڕە جۆراوجۆرەکاندا مەرگدۆستی لە دونیای ئێمەدا گەیشتە پلەیەکی باڵا. ئێمە مەرگمان تاسەر ئێسقان چەشت، مەرگمان بەهەموو جۆرەکانی تاقیکردەوە، بەهەموو مانا ڕاستەوخۆو ڕەمزییەکانی مردن ژیاین. مەرگدۆستی لە کۆمەڵگای ئێمەدا گەشەیەکی هێندە نائاسایی و ترسناکی کرد، لە پێکهاتێکی غەریزی و ناوەکی ناو ئاستە ناگاو نهێنییەکانی ناو ئینسانەوە گەیشتە ئەوەی لە شێوەی حیزب و تیورەو گووتاردا تەعبیر لە خۆی بکات، گەیشتە ئەوەی ژیانی سیاسیمان مەیلێکی ئاشکراو بێشەرمی تیابێت بۆ کوشتن و خۆکوشتن. گەیشتە ئەوەی تەواوی پێکهاتی کۆمەڵایەتی وێرانکرد، سەرجەمی ستراکتوری کۆمەڵایەتی هەڵوەشاند، هەڕەشەیەکی ناوەکی قووڵی لەسەر بەردەوامی ژیان دروستکرد. لێرەوە ئێمە بەرلەوەی پێویستیمان بە دیموکراسییەت بێت وەک پێکهاتێکی سیاسی، وەک میکانیزمێکی ئیشکردنی دەسەلات، پێویستیمان بە دیموکراسییەتە وەک دۆخێکی بەرگری غەریزی و بایۆلۆژی لە مانەوەو ژیان. ئێستا پێویستیمان بە دیموکراسییەت نییە، تەنیا بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسیمان، بەڵکو پێویستمان پێیەتی وەک تاکە وەڵامێک بەرابەر مردن.

بەڵام با کەمێک قووڵتر بڕۆینە ناوەوە لەوانەیە لەوێکانەدا باشتر شتەکان ببینین. من هەمیشە قسەم لە دوو چەمک کردووە، چەمکی یەکەمیان کە لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ کەمتازۆر کاری پێدەکەم «گووتاری مانەوە»یە، چەمکی دووەمیش «مەرگدۆستی» یان کۆنسێپتی «کۆمەڵگای پرسە»یە. گووتاری زاڵ لە مێژووی ئێمەدا «گووتاری مانەوە» یە، وەک دەزانیت گووتاری مانەوە بەشێکە لە ویستی ژیان، بەشێکە لە غەریزەی مانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیشکالییەتی سەرەکی ئەم گووتارە لە دوو خاڵی سەرکیدا کۆدەکەمەوە. یەکەم/ گووتاری مانەوە لە گووتارێکی دەستەجەمعی، نەتەوەیی، گشتییەوە، دەبێتە گووتارێکی پارچە پارچە، واتە لە گووتاری مانەوەی نەتەوەوە دەبێتە گووتاری مانەوەی گروپ و حیزب، لە گووتاری مانەوەی ئێمەوە دەبێتە گووتاری مانەوەی من . لێرەوە توانای خۆی لەسەر پاراستنی کۆمەڵگا دەدۆڕێنێت. چونکە چیتر مانەوەی من پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە

مانەوەی تۆوە نامێنێت. ژیانی من ناچێتەوە سەر ئەو زنجیرەیەی کە ژیانی تۆی تێدایە، پەیوەندی نێوان بوونی من و بوونی تۆ دەپچڕێت. پێشم وایە هەموو ئەو دیاردانەی کۆمەڵگای عێراقی و کوردی لە بیست ساڵی ڕابوردوودا وەدەریاننناوە، لە بێدەنگییەوە بەرابەر بەعس تا کۆچ. لە فەرامۆشکردنی چارەنوسی مردووەکانمانەوە، تا کەمتەرخەمی و فەرامۆشی لە سەیرکردنی ژانی یەک و کاری یەک و بەرهەمی یەک، ئاوێنەی ئەو لێکتارازانەن. ئێستا دیموکراسییەت تاکە وەڵامە کۆمەڵگا بتوانێت لە ڕێگایەوە کەمێک لێکترازانی ئەو گووتارە یەکبخاتەوە.

دووەم/ گووتاری مانەوە دەکەوێتە بەکارهێنانی مەرگدۆستییەوە بۆ خۆبەرهەمهێنانەوە، بەڵکو دەتوانم بڵێم گووتاری مانەوە دەکەوێتە ژێرڕکێفی مەرگدۆستییەوە، بە ئەندازەیەک لە هەندێک وێستگەدا «وەک لە شەڕی ناوخۆدا» دەبینین ئەوە مردنە دروشمەکانی ژیان بەکاردەهێنێت. ئەوە شەهادەتە سیاسەت بەکاردەهێنێت وەک کەناڵێکی تەعبیر، نەوەک سیاسەت بێت شەهادەت وەک شێوازێکی خەبات بخاتەگەڕ. شەڕە حیزبەکان بەکاردەهێنێت، نەوەک حیزبەکان شەڕ وەک درێژکراوەی سیاسەت بەکاربهێنن. ئەوە مردنە باس لە ژیان دەکات بۆ خۆشکردنی ئاگری پێکدادان، نەوەک ژیان بێت پێویستی بە قوربانیدابێت بۆ بەرگریکردن لە خۆی.

دیارە گەر بمانەوێت ئەم ڕاستیانە لە ئاستی مەیدانیدا بسەلمێنین دەریایەک لە بەڵگەو ڕوداومان لە بەردەستدایە، کە تەنیا ڕێکخستنێکی تیوری وردی دەوێت، تا ئەو تێزەیەی سەرەوە وەک تیورەیەکی کامڵ بخەینەبەردەست.

بەڵام پرسیارەکە ئێستا چەشنێکی دییە. پرسیارەکە ئێستا سەبارەت بە چارەنووسی دیموکراسییەتە، با بەر لەوەی سەبارەت بە ئەگەری دیموکراسییەت قسەبکەین، هەندێک پرسیاری دیکە بکەین. ئایا ڕوخانی بەعس ئەو هەلومەرجە دەگۆڕێت کە مەرگدۆستی ئیشی تیادەکات؟ ئایا مەرگدۆستی دوای سەدام دەتوانێت هەمان فەزای ئازادی کارکردن بدۆزێتەوە؟ ئەمە دوو پرسیاری گرنگن. من لەو باوەڕەدام سیستمی سیاسی سەدام حوسەین ژینگەیەکی ئیدیال بوو بۆ ئیشکردنی مەرگدۆستی. دوای ڕوخانی سەدام ئێستا شتێک هەیە دەتوانین ناوی بنێین ڕاچەنینی ژیان. ئەمەیان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دیموکراسییەتەوە نییە. دوای ئەو ئەزموونە تاریک و درێژە کەس ناتوانێت وا ڕەفتاربکات وەک ئەوەی هیچ ڕوینەدابێت. ئێستا گەورەترین هێز بۆ دیموکراسییەت ئەو ترسەیە کە لە دیکتاتۆرییەتییەت هەمانە، ئەو ترسەیە لە مردن و جەنگ و دەسەڵاتی فەردی کە لە ناو هەریەکێک لە ئێمەدا سەوزبووە. گەورەترین زەخیرەی دیموکراسییەت ئەوەیە ئەمڕۆ هەموو کوردێک و هەموو عێراقییەک و هەموو گەلانی دەوروبەریشمان تێدەگەن کە سیستمە سیاسییە دیکتاتۆرەکان دەتوانن تا چ ئاستێک لەگەڵ وێرانکاریدا بڕۆن، دەتوانن چ توندوتیژییەک ئاڕاستەی پێکهاتی ناوەکی کۆمەڵگابکەن. ئێستا غەریزەیەکی قووڵی ژیان هەیە کە ئەگەری دیموکراسییەت بەهێزدەکات. سەدەها هێزو گروپ هەن کە دەزانن بەبێ دیموکراسییەت ناتوانن هەبن، بەبێ دیموکراسییەت پاشەڕۆژیان نییە. ئەمڕۆ لە عێراقدا دیموکراسییەت ئەو قەناعەتە کۆمەڵایەتییە شارستانییە نییە کە بەرهەمی گەشەی فەردانییەت ، گەشەی ئابووری ، گەشەی ئیلیتە فیکری و تەکنیکیەکان بێت، دیموکراسییەت لەوەوە نەهاتووە کە بووین بە کۆمەڵگایەک کە توانای لێبوردنمان زۆربووە، سیستمی پەروەردەمان گەشەیکردووە. فەردمان گەیشتۆتە بیرکردنەوە لە مافەکانی خۆی، دەسەڵاتمان باوەڕی بە ئاڵوگۆڕ هێناوە، سەرۆکەکانمان دەتوانن بیر لە تەقاعودی بکەنەوە. ئەو دیموکراسییەتەی من باسیدەکەم، گواستنەوەیەکە لە کۆماری ترسەوە بەرەو دیموکراسییەتی ترس. ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدا ئەوەیە کە ترس لە نەمان، ترس لە زیندووبوونەوەی تۆڤان، ترس لەوەی تۆ هیچت بەرنەکەوێت، ترس لەوەی من شوێنم نەبێتەوە، ترس لەوەی ئەو مافخوراو بمێنێتەوە، ئەم ترسەیە وادەکات بیر لە ستراکتورێک بکەینەوە شتێک لە ماف و هاوسەنگی تیابێت. ئەمڕۆ لە عێراقدا هیچ هێزێک نییە دیموکرات بێت، لە حیزبە کوردییەکانەوە بۆ ئەوانی دیش، بەو مانا قووڵەی دیموکراسییەت کە قەناعەتێکی فیکری و ئایدۆلۆژی و ئەخلاقی بێت، بەو مانایەی

هێزی سیاسی و حیزبی دیموکراسیمان هەبێت، شتی وا نییە. بەڵام دیموکراسییەت وەک سیستەم مەرج نییە بەرەنجامی ئەم گەشەیە بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕۆڵی ترس لە دامەزراندنی دیموکراسییەتدا هەمیشە ڕۆڵێکی گەورەیە. واتە من بە شێوەیەکی نێگەتیف قسە لە دیموکراسییەتی ترس ناکەم، بەڵکو باس لە پێکهاتێک دەکەم کە هەر هێزەو بۆ بەهێزکردنی خۆی پێویستی بە فەزایەکی ئازادی کارکردن هەیە، هەتا حیزبە کوردییەکانی خۆمان کە لە ڕووی سیاسەتی ناوخۆی کوردییەوە چ خەسڵەت و نیشانەیەکی بەرچاوی دیموکراسییەتیان تیا نییە، ئەمڕۆ ناچارن لە سەر ئاستی عێراق دیفاعێکی دڕندانە لە دیموکراسییەت بکەن، چونکە مانەوەی ئەوان لە پێکهاتی سیاسی عێراقدا بە دیموکراسییەتەوە بەندە. واتە لە عێراقدا بەشی هەرە زۆری هێزە سیاسییەکان دەزانن کە ناتوانن دەسەڵاتی تەواو بگرنە دەست، دەزانن کە هێزێکی جەماوەری ئەتۆیان نییە بە تەنیا حوکمبکەن. لێرەوە دیموکراسییەت تاکە زامنی مانەوەو بەردەوامیانە. دینییەکان تاکە هێزێکن کە بەشی هەرەزۆریان لە ڕووی تیوری و دروشم و زەمینەی ئایدۆلۆژیشەوە باوەڕیان بە دیموکراسییەت نییە و لە باوەڕەشدان بە تەنیا و بێهیچ هێزێکی سیاسی دی دەتوانن حوکمبکەن. لەناو دیموکراسییەتی ترسدا هەمیشە بەهێزترین هێز کەمتر لەوانی دی باوەڕی بە دیموکراسییەتە، کەمتر یاساکانی گەمەکە قبووڵدەکات. جا گەر ئەو هێزە لە بنەمای ئایدۆلۆژی خۆشیدا باوەڕی بە دیموکراسییەت نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە تاکە هێزێک دەبێت کە کاردەکات لە دیموکراسییەتی ترسەوە بگەڕێینەوە بۆ کۆماری ترس. تۆ دەزانیت کە لەدوای شۆڕشی ئێران، ئیسلامییەکان هەموو هێزەکانی دیکەیان لە ئێراندا قەتڵ و عامکرد، ئەمڕۆ ئیسلامییەکانی عێراق ناتوانن بەوجۆرەبکەن، چونکە ئێستا لە سەر زەمینەیەکی سیاسی جیاوازتر وەستاون کە شتێکی لەو زەمینەیە ناچێت کە ئیسلامییەکانی ئێران دوای ڕوخانی شا لەسەری وەستابوون. لێرەدا نامەوێت قسە لەسەر سیاسەتی حیزبە دینییەکان بکەم، ئەوەیان کاری من نییە، بەڵام لە ڕووی تیورییەوە ئەوان تاکە هێزێکن هەمیشە بەرابەر دیموکراسییەت، لە قەیرانێکی فیکری و ئەخلاقی و دەروونیدا دەبن. ئەمە جگە لەوەی کە شوناسی دیموکراسی لە عەلمانییەت جیاناکرێتەوە، ئەوە تەنیا ئیسلامییەکانن دەیانەوێت عەلمانییەت لە دیموکراسییەت جیابکەنەوە. شەڕ لەسەر شوناسی دەوڵەتی داهاتووی عێراق، لەسەر ئەوەی ئایا عەلمانییە یاخود دینییە، خاڵێکی جەوهەرییە لە شەڕدا بۆ دیموکراسییەت، دیارە من دەزانم کە عەلمانی بوون یەکسان نییە بە دیموکراسی بوون، بەڵام دەشزانم عەلمانییەت مەرجێکی پێشوەختە بۆ دیموکراسییەت. مەرج نییە دەوڵەتی عەلمانی دەوڵەتێکی دیموکراس بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەوڵەتی ناعەلمانی دەوڵەتێکی نادیموکراسە. لێرەوە ململانێ لە نێوان دینییەکان و کۆی ستراکتوری سیاسیدا لە عێراق بەشێوەیەک لە شێوەکان حەتمییە. دوائەوە یادت نەچێت من باسی ململانێدەکەم، نەوەک باسی شەڕی چەکدار، مەرجێکیش لە مەرجە سەرەکییەکانی دیموکراسییەت ئەوەیە کە لە ناو خۆیدا بواربدات بە ململانێ لەگەڵ دیموکراسییەتدا.

واتە گەر لە من بپرسی بۆ لەگەڵ هەموو ئەو نائومێدییەدا کە دەرهەق بە نەبوونی هێزی سیاسی دیموکرات هەمە، باوەڕم وایە کە ململانێیەک لە نێوان شێوازی دیموکراسی ئیدارەو شێوازی دینیدا دروستدەبێت؟ ئەوا من ڕاموایە، گەرچی هێزی دیموکراسی کاریگەر لەواقیعی ئێمەدا بوونی نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا هەلومەرجی مێژوویی بۆ دیموکراسییەت هەیە، ڕاچەنینێکی ژیاندۆست لە ناو فەردە بێلایەنەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا هەیە، ئەمڕۆ کەسان و ڕۆشنبیرانێک هەن کە کەمتازۆر ئیش بۆ دیموکراسییەت دەکەن، هەزاران خەڵک هەن لەدەرەوەی حیزبەکانن و دەزانن دیموکراسییەت تاکە ڕێگای تێپەڕاندنی بەعسیزمە. دەیان توێژی کۆمەڵایەتی هەن دەزانن تەنیا بە بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی چالاک دەتوانن بمێننە و بژین، خەونێک هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەو بارودۆخە ئابورییە ترسناکە کە بەبێ ئارامییەکی درێژ نایەتەدی. ئەمانە و دەیان هۆی تر وادەکەن دڵنیابین دیکتاتۆرییەت و تۆتالیتارییەت جارێکی دی زۆر ئاسان ناچەسپێنەوە، واتە من لە ڕیزی ئەوانەدا نیم کە شانازی بە نائومێدییەوەدەکەن، من دەمەوێت شتەکان بەوجۆرە ببینم کە هەن، کاتێکیش قسە لە ناشیرینییەکان دەکەم

ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ ویستێکی مازۆخی خۆئەزیەتدان. وەک چۆن ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە پێیوایە دیموکراسییەت ئاسان و حەتمییە، ئەو بۆچوونەش هەڵەیە کە پێیوایە کۆمەڵگایەک هەیە لە ناوچاوانی نوسراوە دیموکراسی نەبێت. ئەوەی ئێمە دەتوانین بیخوێنینەوە فاکتەکانی بەردەممانە، نەوەک تەنیا ترس و ئومێدو نائومێدییەکانی خۆمان. قسەکردن لەسەر دزێوی و خراپە و دیوە ناشیرینەکانی کۆمەڵگا تەواو جیاوازە لەو دیدە قیامەتییە، ئەپۆکالیپتییە، مەحشەربازە کە وێنەیەکی جەهەنەمی و قیامەتئاسا بۆ کۆمەڵگا دەکێشێت، بەڕێزتان ئاگادارن من لە شوێنی تردا ئەو جیهانبینییەم ڕەخنەکردووە کە بە دیدێکی پڕنەفرەتەوە تەماشای ئێستا دەکات. لە کاتێکدا شێوازی داڕشتنی پرسیارەکەی بەڕێزتان وایە، وەک ئەوەی من هەڵگری ئەم بۆچوونەبم. ڕەخنەگرتن لە واقیع جیایەو بە دۆزەخکردنی واقیع و بە ئیبلیسیکردنی جیایە، بینینی کێشەکان لەسەرزەوی جیایەو وێناکردنی کۆمەڵگا وەک جەهەنەم جیایە. قسەکردن لەسەر مەرگدۆستی جیایەو ئەو نیگا مەحشەرخوازە قەدەرییەش جیایە کە لە دیدێکی دینییەوە هەموو ئەگەر و هێزو هەلومەرجەکانی دیکەی ناو واقیع پیسدەکات. دەبێت تەواو وریابین و نائاگا لە ڕەخنەی سیاسی و کۆمەلایەتی خۆماندا نەچینەوە سەر ئەو بۆچوونەی کە دونیای نوێ بە جەهەنەم دەشوبهێنێت تا لە پشتەوەڕا چارەسەری دینی بهێنێتە ژوورێ.

لەسەرێکی دیکەوە دینییەکان و حەوزەییەکان لە ئێستاوە دەستیانکردووە بە پەلاماردانی هەموو شێوەکانی ئازادی، جاهیلێکی وەک مەلای فەرتووسی کە دەرچووی ئەو حەوزانەیە کە هەندێک دەیانەوێت لێمانبکەن بە کانونی فەرهەنگی، فەتوای کوشتنی ئافرەت، قەدەغەکردنی مەی، سووتانی سینەماکان دەردەکات... تێناگەم چۆن دەبێت مرۆڤ بە گومان بێت کە خەڵک ناتوانن هەموو ئاسان تەسلیمی ئەم مۆدێلە ئیستیبدادییە ترسناکەبن. گومان نییە کە ئیسلامیستە توندڕەوەکان بە پرۆسەی تێکشکاندنی ئازادییە فەردییەکان دەستپێدەکەن. هەندێک لەوانە دوژمنی بەعس نەبوون، دوژمنی ئەمریکاش نین، بەڵکو بە پلەی یەکەم دوژمنی ئازادیی تاکەکانن. لە قووڵایی و دیوی ناوەوەی پرسیارەکەی بەڕێزتاندا وادەردەکەوێت کە تۆ چەمکی مەرگدۆستیت وا تەفسیرکردبێت وەک ئەوەی کە باسی مەرگدۆستی کرا، ئیدی خەڵک نەچێت بۆ سینەما، نەچێت بۆ هەڵبژاردن، ئایدۆلۆژیایەک جیاواز لە دیین بیرنەکاتەوە، حەزی لە ئەڤین و خۆشەویستی نەبێت، حەزی لە خواردن و خواردنەوە نەبێت. ئەوەی دینییەکان پەلاماریدەدەن، بنەما سادەکانی ئازادییە لە ژیاندا، ئەوان ئێستا دەست بۆ ئەو ڕووبەرانەش دەبەن کە بەعس دەستی بۆ نەدەبرد... ئیدی تێناگەم مرۆڤ چۆن دەبێت دوودڵ بێت، لەوەی ئەم عەقڵییەتەی مەلای فەرتووسی و هاوڕیانی ناکرێت بێ بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوە تێپەڕێت؟

**پرسیار : لە هەمان چاوپێکەوتندا دەڵێیت یەکێک لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی لە بەعسخستنی کۆمەڵگای عێراق «گەڕانە بەدوای بەعسدا لە هەموو جێگایەکدا» ئەم پرۆژە ڕادیکالە بە چ پێودانگێکی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە، بە چ تیورەیەکی ڕەخنە و بە چ تەکنۆلۆژیایەکی ئەناتۆمیکردن و چ میتۆدێکی خوێندنەوە ئەنجامدەدرێت؟ ئەی ئەو ڕۆشنبیرەی کە دەبێت بەشێکی سەرەکی ئەم کارانە بکات لە کوێیە؟**

بەختیار عەلی: من گووتم سەدام حوسەینێکی بچکۆلە لە ناو هەر یەکێک لە ئێمەدایە، بەڵام لە هەمانکاتدا بکوژێکی سەدام حوسەینیش لە ناوماندایە. دیکتاتۆرێکی چکۆلانەو کۆیلەیەکی چکۆلانەی ئەو دیکتاتۆرەش لە پێکهاتی دەرونی زۆربەماندا خەوتووە... ئەمە ئەو کەلەپوور و ئیرسە سایکۆلۆژییەیە کەسەدام حوسەین بۆی جێهێشتووین. واتە ئومێدی یەکەمی من ئەوەیە کە سەرەتای سەرەتا هەر یەکەمان لە ناوخۆیدا بۆ بەعس بگەڕێت، لە پێکهاتی دەرونی خۆیدا، لە دۆگماکانیدا، لە پەیوەندیدا بەوانی ترەوە، لە توانای گوێگرتن و قەبووڵکردنی ئەوانی دی بپرسێتەوە، لە هێزی لێبوردنی خۆی بڕوانێت، تەماشای بڕی ئەو ڕێزە بکات کە بە گشتی بەرابەر مرۆڤ هەیەتی.. مرۆڤ بێئەوەی سەیری ئەوەبکات خەڵکی کوێیە، سەر بە چ حیزبێکە، سەر بە چ

دینێکە. سەیری ئەوەبکات ئایا ئەو تەقدیسی ژیان دەکات، یان تەقدیسی هەندێک بیروڕا، تەقدیسی مرۆڤ دەکات وەک بوونەوەرێک کە خۆی موعجیزەیەکی بێهاوتایە، یان تەقدیسی ئایدۆلۆژیا دەکات. سەرەتای سەرەتا بەعسیزم جەمسەری دژ و پێچەوانەی هیومانیزمە. گەر لەم ساتەدا لە میتۆدێک دەگەڕێین بتوانین لە ڕێگایەوە دژایەتی کولتووری بەعسی پێبکەین، ئەو میتۆدە بێگومان، دەبێت جەمسەری پێچەوانەی ئەو بچوک و بێنرخ تەماشاکردنەی مرۆڤ بێت، کە سەدام بۆ کۆمەڵگا و حیزبە سیاسییەکانیشی جێهێشتووە. مردنی بەعس لە زیندووبوونەوەی مرۆڤەکەی ناومانەوە دەستپێدەکات، ئەو مرۆڤەی کە ئەوانی دی وەک دوژمن تەماشاناکات، دونیا وەک تۆڕێکی ترسناکی پیلان تەماشاناکات کە بە تەنیا دژی ئەو دەچێنرێت، ئەوەی ناڵێت «هێرش باشترین شێوەی خۆپاراستن و بەرگرییە».

دیارە سایکۆلۆژیاو ڕۆحی فەرد تەنیا زەمین و شوێنگەی شەڕکردن نین لەگەڵ بەعسدا، بەعسیش بەتەنیا سیستمی بێحورمەتیکردن نییە بە مرۆڤ، وەک چۆن تاکە سیستمی تاک وتەنهای بێحورمەتیکردنیش نییە، واتە لەدەرەوەی بەعسیزم دونیای ئێمە پڕە لە ئایدۆلۆژیاو بیروبۆچوونی سیاسی و فیکری کە ئینسان تیایاندا جگە لە بنەمایەکی ئینشائی، لە وشەیەکی بێناوەڕۆک، لە کۆنسێپتێکی بەلاغی بەولاوە هیچی تر نییە. بەڵام لە ئاستی ڕۆحی و سایکۆلۆژی تاکەکان بترازێت سێ فەزای سەرەکی دیکە هەن بۆ شەڕکردن لەگەڵ بەعسیزمدا، یەکەم / بواری دەسەڵات. دووەم / بواری ژیانی گشتی. سێهەم/ بواری فیکری.

دیارە ئەم شەڕانە هیچیان شەڕی ئاسان نین، سەرکەوتن لە هیچ یەکێکیاندا مسۆگەر نییە، میتۆدەکانی ئیشکردنیش میتۆدی ئامادە نین تا من لیستێکیان لێ دروستبکەم و بڵێم گەر میتۆدانە ئیشبکەین لە بەعسیزم ڕزگارمان دەبێت. ئەمجۆرە عەقڵییەتی ڕەچەتە نوسینە، جگە لەوەی دەمانباتەوە سەر ئایدۆلۆژیا بەرەو هیچ جێگایەکی دیکەمان نابات. باواز لە داوای ڕەچەتە بهێنین، چونکە گەر ڕۆشنبیرێک داوای ڕەچەتەی لە ڕۆشنبیرێکی تر کرد، ئەمە دەرگای شەرعییەت دەکاتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤانی سادەش داوای ڕەچەتە لە سیاسییەکان بکەن کە دواجار ئەمە لە خزمەتی ئەو ئایدۆلۆژیایانەدایە کە هەمیشە چارەسەری ئامادەیان لایە و وەڵامەکان لای ئەوان پێش پرسیارەکان لەدایکدەبن. بەعس سیستمێکی تۆتالیتاربوو، کە قسەشمان لە تۆتالیتارییەت کرد، واتە بەبەرتەقای پانتایی ژیان شێواز و میتۆدی جیامان دەوێت بۆ شەڕکردن لەگەڵیدا.

بەعسیزم چڕبوونەوەی کولتوورێکی دوورودرێژی سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتییە. ناتوانین لە بەعس ڕزگارمان ببێت گەر وەک قەوارەیەکی نامۆ لە جەستەیەکی ساغ و تەندروستدا تەماشایبکەین. ئەمڕۆ ئێمە بە گشتی گوێمان لەیەک نەغمە دەبێت، هەموو سیاسییەکانی عێراق لە عەرەبەوە تا کورد، لە گروپە چەپەکانە وە تا ئیسلامییەکان، بە کۆ جیاکارییەک لە نێوان بەعس و کۆمەڵگادا، لە نێوان بەعس و عێراقدادەکەن. کە هەڵبەت من تەواو دژی ئەو جیاکارییەم، دیارە بۆئەوەی بوار لە هەڵەتێگەیشتن ببڕم دەبێت بڵێم ئەمە بەو مانایە نییە من بەعس و عێراق، یان بەعس و کۆمەڵگا بەیەکدی یەکساندەکەمەوە، ئەمە یان هەڵەیەکی ترسناکە کە نابێت تێیبکەوین، بەڵام نیشاندانی بەعس وەک وەرەمێک لە ناو جەستەیەکی ساغدا ئەمەشیان درۆیە. ئەوەی لە عێراقدا نەخۆشە کۆی جەستەی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتییە. ئەوانەی دەڵێن عێراق باشەو بەعس خراپ بوو درۆیەکی گەورەدەکەن. بەعس لە ناو ستراکتوری سیاسی عێراق، لە ناو کولتوورە کۆمەڵایەتییەکەی عێراقەوە هاتووە. شوێنێک نییە لە عێراقدا شایستەی دەستکاری نەبێت، لە دەزگا دینییەکانەوە بۆ دەزگا ئەکادیمییەکان، ساڵەهای ساڵە بەعس تەنیا بە هێزی سەربازانی حەرەس جمهوری حوکمناکات، بەڵکو بە پشتی سەدان پیاوی دینی، سەدان پیاوی ئەکادیمی، سەدان نیگارکێش، سەدان پەیکەرتاش، سەدان شاعیر، سەدان شانۆکار، سەدان مۆسیقارو گۆرانیبێژ، حوکمی عێراق دەکات. ئێمە ئێستا پێویستیمان بە تەمەنێکی درێژ لێکۆڵینەوە هەیە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هونەرو فاشییەت لەعێراقدا. ئەوانە هەتا ئەگەر خۆشیشیان بەسەدام حوسەین نەهاتبێت، لە دواجاردا ئەستەمە بتوانن لە مۆدێلی بەعسیانەی ژیان بە ئاسانی

پاكببنەوە، وەک هەمان ئەو چۆلەكەیەی كافكا كە خۆی بەدوای قەفەسدا دەگەڕێت. بەعس دەستكاری ڕوانگەی ئێمەی كرد بۆ جیهان، ئێستا چلێک نێرگس دوای بەعس وەک چلێک نێرگس نییە پێش بەعس، شێوەی بینینمان بۆ ئاسمان، بۆ زەوی، بۆ باڵندە دوای بەعس وەک شێوەی بینینمان نییە بۆ ئاسمان، زەوی ، باڵندە بەر لە بەعس. شێوازی بینین و گوێگرتنمان، شێوازی قسەكردن و یەكدی دواندنمان، هەمووی پڕە لەو سیمیائییەت و فەزا ئاماژەسازەییەی بەعس سازیكرد. بەعس لە شێوەكانی بیناسازی و جادەسازیشدایە، لە شێوازەكانی خواردن و ڕێكخستنی سفرە و مامەڵەكردن لەگەڵ ئاژەڵ و ڕووەک و باڵندەشدایە. بەڵام سەرەتا كێشەكە ئەوە نییە چۆن بگەڕێین بەدوای بەعسدا، كێشەكە ئەوەیە ئەو هێزە سیاسیانەی كە لە عێراقدا دەستبەكارن، پێیان وانییە پێویستمان بە گەڕان بێت بە دوای بەعسدا. ئەوان بەعسیان لە پەیكەرە شكاوەكەی سەدام حوسەیندا كورتكردەوە، بەعسیان لە كۆشكەكاندا كورتكردەوە، ڕاستە ئێستا پەیكەرە بینراوەكانی سەدام ترسناک نین، بەڵام پەیكەرە نەبینراوەكانی، ئەو مۆدێلە دزێوەی ئەو بۆ دەسەڵاتی داڕشت هێشتا ترسناكەو بە ئاسانی ناشكێت.

تا كولتووری سیاسی و دینی و كۆمەڵایەتی ئێمە توندوتیژی بەرهەمبهێنێت، سەدام نەمردووە. تا خۆفریودان بەرهەمبهێنێت سەدام نەمردووە. تا گوێمان لەو بەلاغەتە پوچە بێت كە قسە لە مەزنی دەكات، بە شانوشكۆی عێراق و نەتەوەو حیزب و چین و سەركردەو شێخەكاندا هەڵدەدات، تا گوێمان لەو بەلاغەتەبێت كە هەڵبژاردنی تەزویری ناو گەرەكێک، قوتابخانەیەک، شارێک وەک مۆدێلێكی گەردونی باسدەكات، بەعس نەمردووە. بۆیە گەر بەڕێزتان بگەڕێنەوە سەر هەندێک وتاری دیكەم، ڕەنگە ئاسانتر ببینیت كە سەرەتا میتۆدێک بكرێت ئیشی پێبكەین، پاكردنەوەی زمانمانە لەو بەلاغەتەی هەموو میتۆدەكانی بیركردنەوەی ئیفلیجكردووە. ئەمڕۆ كە گوێ لەو كەسانە دەگرین كە لە بەغداوە قسەدەكەن، تێدەگەین بەعس بەرلەوەی سیستمێكی سیاسی بێت، سیستمێكی زمانەوانییە، بەر لەوەی سیستمێكی ئینتیمای حیزبایەتی بێت، ئینتیمایە بۆ شێوە قسەكردنێک، بۆ فەرهەنگێكی وێنەیی كە كۆی پرۆسەی بینین و بیركردنەوە كۆنترۆڵدەكات. ئەوەی لای من هەمیشە شوێنی سەرسوڕمانە و هەمیشەش وەک شوێنی سەرسوڕمان دەمێنێتەوە ئەوەیە بۆ ئەو سیاسیانەی هەموو تەمەنی خۆیان لە دژایەتی بەعسدا وەک سیستەم بردۆتەسەر، كە كار دێتە سەر قسەكردن دەربارەی بەعس، فەرهەنگێكی سیاسی هێندە لاوازیان هەیە، بە زمانێكی هێندە سەتحی قسەدەكەن، بۆ لەبەرابەری نەرەنەرِی شۆڤێنییە عەرەبەكاندا هێندە دەستەوەستان دەبن، بۆ بەلاغەتی جەلاد هێندە بەهێزەو بەلاغەتی قوربانی هێندە لاواز. لە ڕاستیدا گەر تەماشابكەیت، نهێنییەكەی لە بێتواناییدایە لە ڕەتكردنەوەی كۆی جیهانبینی بەعس و لەبری دانانی شێوە جیهانبینییەكی دی. ناكرێت بەهەمان ئەو لۆژیک و زمانە سیاسییەی بەعسی گەورەكردووە دوژمنی تەواوەتی بەعس بین. بۆ نمونە، ترسناكترین شت لە عێراقی داهاتوودا تێگەیشتن و تەفسیرمان دەبێت بۆ وشەی دەسەڵات. تا ئەم دەقیقەیە لە ڕوویی ستراكتورییەوە دیدگاهی بەعسیانە لە فەزای كۆمەڵایەتی عێراقیدا باڵادەستە، دەسەڵات یان هێزێكی سەرتاپاگیر، خودائاسا، كۆتوانایە كە دەبێت بە چاوتروكانێک هەموو شتەكان بخات بەلاداو چارەی سیحراوی و توندوتیژی بۆ هەموو سەرپێچییەک لابێت، یان هێزێكی پاسیڤی، بێئیرادەیە كە گەر وەزیفەی تەواوەتی خۆی نەبینی ئەوا كۆمەڵگا دەبێتە جەنگەڵ ، مەیدانی ڕاووڕووت و یەكدی قڕانكردن. ئەمە تەنیا وێنەی دەسەڵاتە لە كۆمەڵگای ئێمەدا، دەسەڵات بە مانا تۆتالیتارەكەی. ئەمە ئیرسی زمانەوانی بەعسە، ئیرسی ئەو وێنانەیە كە لە خەیاڵ و بیركردنەوەو زەینماندا چەقیون، مرۆڤی عێراقی تا ئێستا چەمكی دەسەڵاتی لە وێنەی هێزێک بۆجیاناكرێتەوە كە بەدەستێكی پۆڵایین حوكمدەكات. گەر ئەو دەسەڵاتەی نەبینی لە بری ئەوەی لەزەت لە ئازادی ببینێت لەزەت لە گەڕانەوە دەبینێت بۆ فەوزاو جەنگەڵ و دڕندەیی. دەسەڵات لە وێنەدانی «تصور»ی ئەم مرۆڤەدا یان ئەو هێزەیە كە بە پۆستاڵ سەرمان پاندەكاتەوە، یان ئەو هێزە ناچیزو لاوازەیە كە ئێمە دەتوانین ڕۆڵی ئەو ببینین و بچینە جێگای و ئەو بۆشاییە پڕبكەینەوە كە ئەو

ونیکردوە، واتە هەر فەردەو بۆخۆی مۆدێلی خۆی بۆ دەسەڵات و قانون دادەمەزرێنێت. ئیدی لە نێوان
دەسەڵاتێکدا کە سنووری نییەو نەبوونی هیچ دەسەڵاتێکدا وێنەیەکی تر لە زیهنی مرۆڤی عێراقیدا نییە بۆ
دەسەڵات. دیموکراسییەتیش شێوە حوکمکردنێکە دەکەوێتە ئەو نێوەندەوە. ئەو مرۆڤەی دوای کولتووری بەعس
دێت، وێنەیەکی نییە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات، دەسەڵات لای ئەو دابەشناکرێت. حیزبە کوردییەکانی ئێمە
شا نمونەی ئەو ئەزموونەن کە نەیانتوانی دەسەڵات دابەشبکەن. ئەمەباشترین نمونەیە کە وێنەکانی دوای بەعس
لە کوردستاندا هێشتا ئیشدەکەن، ڕاستە هەمان ڕووی خوێناوی و ڕەهەندی تراژیدی و فاشی وەرنەگرتووە،
بەڵام شێوەی میکانیزمەکان و بونیادی بیرکردنەوەو کولتووری زمانەوانی نەگۆڕاوە. واتە کولتووری بەعس زۆر
ڕەقتر و کەلەڕەقترە لە سیستمی بەعس. ئێستا میتۆدی سەرەکی دۆزینەوەی ڕوخساری ئەو کولتوورەیە، دواتر
دەستکاریکردنێتی.
با نمونەی دووەمت بدەمێ لەسەر وێنەکانی بەعس و کولتوورەکەی لە ژیانماندا. سەیری چەمکی پەلەکردن بکە.
بەعس بەپەلەترین سیستمی دونیابوو، ئەو بەرلەوەی هیچ دیاردەیەک کامڵ بێت پەلاماری دەدا، ئەو تەنیا لە
سەربڕین و تواندنەوەو لێدانی ئۆپۆزیسیۆندا بەپەلە نەبوو، بەڵکو لە پرۆژەکانی خۆشیدا بەپەلەبوو، ئەو چوو بۆ
جەنگی ئێران بەرلەوەی ئامادەبێت، چوو بۆ جەنگی کوێت بەرلەوەی ئامادەبێت، ئیدی پەلەکردن بەشێکە لە
کولتووری سیاسی لە عێراقدا. ئەو شتانەی کە بەپەلە ئەنجامنادرێت، لە زەینی تاکی عێراقیدا دەبنە میتۆلۆگیاو
خورافەت. من سەیرم لێدەهات کە دەمبینی دوو ڕۆژ دوای ڕوخانی سەدام حوسەین خەڵکی لە بەغدا دەیانپرسی
«کوا دیموکراسییەت؟ دیموکراسییەت لە کوێیە؟». وەک ئەوەی دیموکراسییەت شتێک بێت لە هەودا بڵاوبێتەوە،
جۆرە میوەیەک بێت بە سندوق بیهێنیت بۆ بازاڕ، پیاوێک بێت لە سەرشەقامەکان بیبینین و مەرحەبای لێبکەین.
بەعس تاکی عێراقی فێرکردووە بیرکردنەوەیەکی خورافی و میتۆلۆگی لەسەر هەموو دیاردەکان هەبێت.
سڕینەوەی ئەو میتۆلۆگیایانەش بەشێکی هەرە گرنگی سڕینەوەی کولتووری بەعسە، دەبێت مرۆڤی ئێمە
فێرببێت ئەو دیاردانەی دەیبینێت بەدوای سەرچاوەکانیدا بڕوات. پرۆسەی گەڕان بەدوای بەعسدا کە من لە
چاوپێکەوتنەکەی کوردستانی نوێ و لێرەشدا جەختی لێدەکەم ، پرۆسەی گەڕانە بەدوای سەرچاوەکاندا،
جینالۆجیای دیاردەکانە، گەڕانە بۆ ئەسڵی شتەکان، بۆ ئەو کانگایانەی لێوەیدێن. بەڵام چۆن ئاسان نییە کوڕ لە
کەلتووری باوک، لە کاراکتەری باوک ڕزگاری ببێت، ئاوەهاش ئاسان نییە ئێمە لە بەعس ئازادببین. لایەنی کەم
پێویستیمان بە لە دایکبوونی نەوەیەکی تر هەیە کە کولتوورێکی تر بژی، ئەوەی ئێستا دەتوانین بەدەستی
بهێنین کەمکردنەوەی زیانی کولتووری بەعس و هاوشێوەکانێتی.

**پرسیار: گارنەر لەسەردانەکەیدا بۆ کوردستان، خواستی ئەوەبوو کە لە ئاییندەدا پەرلەمانی کوردستان وەک مۆدێلێکی دەوڵەت بە مەبەستی تەماهیکردن بەکاربهێنرێت. هەستناکەیت مۆدێلی ئەو سیستمە سیاسییەی دوانزە ساڵی ڕابردوو دیسانەوە بەرەو ئەگەری هاتنە ئارای سیستمی تاکحیزبی و دیکتاتۆریەتی حیزب و جەنگی ناوخۆمان دەباتەوە؟**

بەختیار عەلی: گارنەر ژنراڵێکی ئەمریکیی بوو لە فیتنام، لەناو پێشەسازی سەربازی ئەمریکییەوە هاتووە،
لەبەرئەوە بە گومانم تەواو بزانێت وشەی دیموکراسی بۆ ئێمە چ نرخێک و چ مانایەکی قووڵی هەیە. بە گومانم
بزانێت ئێمە چ چاوەڕوانییەکی گەورەمان لەم وشەیە هەیە. من و دەیەها نوسەری تریش بەردەوام گووتوومانە
نابێت خۆمان بە بەعس بەراوردبکەین، هەڵبەت نەوەک پارتی و یەکێتی، بەڵکو خودی شەیتان لە بەعس باشترە.
بەڵام گارنەر ئەزموونی کوردستانی بە ئەزموونی بەعس بەراوردکرد. دیارە من و ملیۆنەها کوردیش ئاواتمان
بوو ئەو ئەزموونە بشێت بکرێتە نمونە، گەر لەماوەی ئەو دوازدە ساڵەدا هەڵبژاردنێکی دی بکرایە، گەر پارتی و
یەکێتی لەیەک گونددا دەسەڵاتیان دیموکراسیانە بەشکردایە، لایەنی کەم گەر بیانسەلماندایە کە عەقڵییەتی ئەم

دوو حیزبە سوودی لە ئەزموونی تاڵی شەڕی ناوخۆ بینیوە، گەر ئەو مەهزەلەیەمان لە کەرکوک نەبینیایە، دەمانگووت گارنەر ڕاستدەکات. بەڵام تا ئێستا پارتی و یەکێتی لەسەر ئەوەی نوێنەری کامیان لە شارۆچکەیەکدا ببێت بە قایمقام ، نوێنەری کامیان لە کۆمەڵەیەکدا بەزۆر لە هەڵبژاردندا دەرچێت، ئامادەن دەستبدەنەوە چەک. لە ڕاستیدا ئەمە واقیعێکی تاڵە، نەوەک ناکرێت بە نمونە بۆ خەڵک، بەڵکو هەوڵێکی شەمشونئاساشی دەوێت  بۆ چاککردنی. لەووبەر مەریوان وریا لە بەرنامەیەکی تەلەفزیونیدا باسی ئەوەی کرد گەر ئەم ئەزموونە بکرێتە نمونە بۆ عێراق چ کۆمیدیایەک دروستدەبێت، چ کۆمیدیایەکە هەموو حیزبێک لە عێراقدا ئیدارەیەک بۆ خۆی دروستبکات، هەموو هێزێک کە دەسەلاتی سیاسی لە یەکێک لە شارەکاندا بەهێزترە، ئەوانی تر بکاتە دەرەوە، هەر حیزبێک شارێکی بۆ نەگیرایەوە، بڕوا هێزی دەوڵەتێکی تر بێنێت، حیزبەکان سەر سنووری نفوسی خۆیان «گومرگرێژکەن»، لە ناوەوە ئابووری دەوڵەت بخەنە ژێر دەسەڵاتی حیزب، کەی حیزبەکان تێکچوون پەرلەمان بڕواتەوە بۆ ماڵێ و ئەندامەکانی ساڵانێکی درێژ لە ماڵەوە بێکار بمێننەوە... ئازیزم تۆ خۆت ئەم مۆدێلە تەعمیمبکە، ئەم وێنەیە لە کوردستان بەرە دەرێ و بیکە بە مۆدێل بۆ عێراق، چی کارەساتێکی ترسناکی لێدەردەچێت؟. ئەمە درێژەدانە بە سیاسەتی درۆ لەگەڵ خۆکردندا. ترسناکترین شت لە سیاسەتی کوردیدا ئەو درۆ لەگەڵ خۆکردنەیە. ئێستا دەرفەتێکی گەورە هەیە کە هەموو شتەکان باشتربن، دەرفەتێکی مێژوویی هەیە کە ریفۆرمێکی ڕیشەیی لە سیاسەتی کوردیدا ڕوبدات، ریفۆرم لەسیستمی کۆمەڵایەتیدا ڕوبدات، ئێستا ئەرکی خەڵکە بجوڵێن و داوای شتبکەن، ئێستا ساتی بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنییە لە کوردستاندا کە ئەوە تاکە زامنی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستانە، تاکە زامنی پرماناکردنی فیدرالییەتە، ئێمە ناتوانین ئەزموونی حیزبی خۆمان بکەین بە مۆدێل بۆ عێراق، بەڵام دەتوانین هەوڵبدەین ئەزمووونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کامڵ بونیادبنێین کە ببێتە نمونە بۆ عێراق. لە عێراقدا گۆڕانکاری گەورە ڕوویداوە، ڕوخانی بەعس، حەلکردنی سوپا دڕندەکەی سەدام کە تا ماوەیەکی زۆر کورت لەمەوبەر کەسانی وەک «عەباس بەدری» بەیت و بالۆرەیان بە شان و شکۆیدا هەڵدەدا. حەلکردنی وەزارەتی ئیعلام کە هیوادارم گۆڕانی ڕیشەیی ئیعلامی حیزبیشی لە کوردستاندا بەدوادا بێت، چونکە بێهیچ ئەمسەرەوسەرێک دەزگا ئیعلامییەکانی ئێمە شتێکن لەسەر مۆدێلی وەزارەتی ئیعلامی بەعس، ئەمانە هەموو دەستکەوتی زۆر گەورەن کە ئەگەر ئێمە کۆمەڵگایەکی زیندووبین، هێزی کۆمەلایەتی ڕاستەقینەمان تیابێت دەکرێت زۆرشت بەرەو باشتر بڕوات. نەمانی بەعس و  نەمانی سوپا فاشییەکەی دووشتی ئەفسانەیین، ماوەیەکی درێژمان دەوێت تێبگەین چ دڕندەیەک کۆتاییهاتووە، نابێت لە نرخی ئەمە کەمبکەینەوە، ڕوخانی بەعس دەبێت هەمیشە وەک وێنەیەکی ڕەمزی بۆ دژایتی هەموو کولتوورێکی دیکتاتۆری بەکاربهێنین. ڕوخانی بەعس پاڵهێزێکی ڕۆحییە بۆ قسەکردنی بەردەوام لەسەر گەورەکردنی ئازادییەکان، ناکرێت خەڵکی عەلمانی و چەپ و لیبرال و دیموکرات لە شوێنی خۆیان دانیشن و هەر لەعنەتی پارتی و یەکێتی بکەن. هەر لەوە بوۆڵێن کە ئیسلامییەکان بەهێزبوون. دەبێت کۆمەڵگا خۆی دروشم بەرهەمبهێنێت، خۆی بزاوتی کۆمەڵایەتی بخاتەوە، پارتی و یەکێتی نایەن بە ژنان و قوتابیان و کاسبکاران بڵێن ئێوە بۆداوای مافی خۆتان ناکەن تا بتاندەینێ؟!! هەر حیزبێک لەم سەرزەمینەدا بۆی بلوێت، خۆی بەتەنیا حوکمی ئاسمان و زەویش دەکات، ئەوە ئیشی کۆمەڵگایە، ئیشی هێزە مەدەنییەکانی ترە سنوور بۆ ئەو دەسەڵاتە دانێن. من لە تۆ دەپرسم لە ناو سەدان و هەزاران نوسەرو هونەرمەندی ئێمەدا بۆ گووتارێک، ستوونێک، چاوپێکەوتنێک ناخوێنینەوە، دیدو بۆچوونی ئەوانی تیابێت لەسەر واقیعی ئێستا... لە ئەدەبی کوردیدا دەیان ناوی قەبەمان هەیە کە لەسەر فاریزەیەک، لەسەر شوێنی نوختەیەک دەیکەن بە قیامەت، ئامادەن لەسەر هەڵەی بچوکی ناو وتارێک ، خەڵک بدەن بە مەحکەمە، لەسەر واوێک دەیکەن بە هەرا، کەچی لەسەر ئەم هەموو گۆڕانکارییانە هیچ ناڵێن. لەیەکەم ڕۆژەوە من گوێدەگرم و دەگەڕێم، تا بیرکردنەوەو بۆچوون و دیدی ئەوان ببینم و ببیستم تا تێبگەم ئەوان چۆن سەیری کۆمەڵگای خۆیان دەکەن، ئاخر بێمانایە تۆ

چیرۆکنووس بیت، ڕۆماننوس بیت، شێوەکاربیت، شانۆکاربیت، وەرگێڕبیت، شاعیربیت، بەڵام دیدگایەکی ڕوونت لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و ئاسۆکانی نەبێت. خراپترین نوسەرو نەناسراوترین وەرگێڕی پلەی دەی عەرەب باش و خراپ قسەیان لەسەر دۆخی عێراق کرد، بەلام گوێمان لە گەورەترین ڕۆشنبیرانی کورد نەبوو قسەبکەن، هەندێکیش لەوانەی حەرفێکیان گووت، بە جۆرێک گووتیان من بۆ خۆم تەمەنامدەکرد نەیانگووتبایە.
ئەمجۆرە دەمداخستنە پارتی و یەکێتی دروستیان نەکردوە، بەڵکو لاوازی ستراکتوری فیکری دروستیکردووە، چونکە هەر لە تەنیشت ئەوانەوە خەڵکی دی هەن قسەدەکەن، نوسەری تر هەن بەشێوەی جۆراوجۆر تورەیی خۆیان دەردەبڕن، هیچ تیورەیەک نییە بڵێت داهێنەران خۆیان لە کاروباری کۆمەڵگای خۆیان هەڵنەقورتێنن، ئەم قڕوقەپەی نوسەران و داهێنەران و هونەرمەندان، ئەمەیە تاکخیزبێتی دروستدەکاتەوە. دیموکراسیەت چۆن تاقیدەکرێتەوە، چۆن دەچێتە ئیمتیحانەوە لە کۆمەڵگایەکدا گرنگترین نوخبەی ئاوها بێدەنگ تەماشای واقیعی کۆمەڵایەتی بکەن؟ ئێستا کاتی ئەوەیە کۆمەڵێک پرۆژەی کارو ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورە بەرزبکرێتەوە، ئێستا کاتی ئەوەیە هەوڵبدەین بەڕاستی کوردستان ببێتە نمونە، نەوەکو بەدرۆ. بۆئەوەش دەبێت دیموکراسییەت تاقیبکرێتەوە، دیموکراسییەت ڕۆژێک لە ڕۆژان لە کوردستان تاقینەکراوەتەوە، هەموو تاقیکردنەوە بچوکەکانیش بە شێوەیەکی تراژیدی و دراماتیکی کۆتاییانهاتووە. ناتوانین تەواو لە هێزی دیموکراسییەت بگەین گەر نەیخەینە بەر تاقیکردنەوەی قورسی ڕۆژانەوە. کێشەکە ئێستا ئەوەیە کە فێری ئەو تاقیکردنەوە بەردەوامەبین، زەمانی بۆ بدۆزینەوە، دەرفەتەکانی گەورەبکەین، ڕێگرەکانی بشکێنین، دەبێت بزانین گەلەک بەهانە هەیە بۆ سەرکوتکردنی دیموکراسییەت. لە بەهانەی ئاسایش و پاراستنی ڕێکوپێکییەوە بگرە تا دەگاتە بەهانەکانی وەک پاراستنی یەکێتی ، پاراستنی دین، پاراستنی ئەخلاق. بەڵام بەودیویشدا ڕاستییەک هەیە کە دەبێت ببینین کە هێزە سەرکوتکەرەکان لەم ساتەدا ناتوانن تەواوی فەنتازیاکانی خۆیان بخەنەکارو تەواوی توانای خۆیان بەکاربهێنن.
من وەک ڕۆماننوس ئەفسانەسازم، بەڵام لە ئاستی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیدا باوەڕناکەم وابم، بەڵکو دڵنیام ئێستا لە کوردستاندا، لەهەرشوێنێکی دیکەی ئەو ناوچەیە، هەلومەرجی بەهێزکردنی دیموکراسییەت بەهێزترە، هەندێک کەس واتێدەگەن دەبێت پارتی و یەکێتی بە قیادەو قاعیدەوە ببنە دیموکراسی ئەوسا دەتوانین قسە لە دیموکراسییەت بکەین، دیارە منیش دەزانم کە ئەوان ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە دواکەوتنی ئەزموونی دیموکراسیدا، بەڵام دەشزانم پارتی و یەکێتی دوو هێزن دەکرێت لە ڕێگای فشاری کۆمەلایەتییەوە زۆر شت لە خۆیاندا بگۆڕن. من هەندێک نمونەت بۆ دەهێنمەوە ئەوە دەسەلمێنن شتێک هەیە لە ولاتی ئێمەدا ناوی زەمینەی ئیشکردنە بۆ دیموکراسییەت. من دەپرسم : ئایا تۆ پێتوایە پارتی و یەکێتی بە خۆشحاڵییەوە شەڕی ناوخۆیان کزکرد و ناچاربوون دەست لە پێکدادانی چەکدار هەڵگرن؟ بێگومان ئەوەیان لە ژێر فشاری ناوەوە دەرەوەدا کرد. پێتوایە پارتی لە دوای سی و یەکی ئاب ئاسان وازی لە ستراتیژی ئەوکاتی خۆی هێنا؟ بێگومان نا، ئەو لەژێر فشاری ئەو لێشاوە تورەییە گەورەیەدا کە بەشی هەرەزۆری ڕۆشنبیران و خەڵک و ئەندامانی پارتیشی گرتەوە ئەوەی کرد؟ پێتوایە ئەو دەستکارییە چکۆلانەیەی قانونی ئەحوالی شەخسی لە قەناعەتەوە بوو؟ بێگومان لە ژێر فشاری خەڵکدا بوو. دیارە ئەمە لاوازی نییە لە حیزبەکاندا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئامادەگی بۆ قبوولکردنی فشار، گوێدان پێی، بایەخدان بە پەرچەکرداری خەڵک. هەمووی نیشانەی پۆزەتیڤن. کێشەکە ئەوەیە بەهەمان هێز لە کاتی پێویستدا و بۆ کێشەکانی تر فشارنەکەین. من دواجار دەمەوێت پێتبڵێم، دیموکراسییەت تەنیا پەیوەندی بە پارتی و یەکێتییەوە نییە، حیزب هیچ کات لە خۆیەوە نابێت بە دیموکراسی، بەڵکو یاساکانی دیموکراسییەت قبووڵدەکات. لە خۆرئاواش فشاری دامودەزگاکان، فشاری کۆمەڵگای مەدەنی، فشاری حیزبە سیاسییەکانی تر، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، دوورخستنەوەی سوپا لە سیاسەت، ئەمانەن دیموکراسییەت دەپارێزن. واتە دیموکراسییەت پەیوەندی بە توانای کۆمەڵگاوە هەیە لەسەر فشار، لەسەر

بەرهەمهێنانی هێزی فشار، لە بوونی پێکهاتێکدا کارلێکێکی پۆزێتیڤ لەگەڵ فشاردا بکات. ئێمرۆ کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ هەن کە کارئاسانی بۆ پرۆسەی گۆڕانکاری ڕادیکال دەکەن، لایەنی کەم هۆکارە دەرەکییەکان بە کۆ لە خزمەتی جۆرە پرۆژەیەکی وادان، بەڵام کێشەکە لە لاوازی بونیادی ناوخۆدایە. بەهێزکردنی ئەم بونیادە کاری گەورەی دەوێت، بەگەڕخستنی بەرنامەیەکی تەواوی ڕیفۆرمی دەوێت.. ئێمە تا ئێستاش لەزۆر گۆشەوە دەزگای مەدەنی کارتۆنیمان هەیە. ڕزگارکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە کارتۆنییەت ئەوە تاکە ڕێگای بەهێزکردنی شانسەکانی دیموکراسییەتە. دوائەوە ئەم ڕاووڕووتەی ئەم دواییە لە کەرکوک و موسڵ و بەغدا بینیمان سەلماندی عەقڵییەت و مۆراڵی ئەم نوخبە سیاسییەی ئەمرۆی کورد لە ساڵی ١٩٩١ ـەوە تا ئەمڕۆ سانتیمێک نەچۆتەپێشێ، لە ساڵی نەوەدویەک و نەوەدو دوو دا چییان کرد، ئێستاش هەرهەمان شتدەکەن، ئەو قسانەی دوازدەساڵیشە لەسەر مەدەنییەت و ڕیفۆرم و دەسەڵاتی قانون گوێمان لێیدەبێت، لێشاوێک بوو لە درۆی بەردەوام. لەکاتی خۆیدا گووتیان ئەمە عەقڵییەتی چیایە، ئەمە پاشماوەی عەقڵییەتی خێڵە، بەرماوەی کولتووری بەعسە، لەڕاستیدا ئێستا دەردەکەوێت کە ئەمە نە عەقڵییەتی چیایەو نە عەقڵییەتی خێڵ، بەڵکو عەقڵییەتی حیزب خۆیەتی و تەنیا لەویاشدا دەبێت چارەبکرێت. لە ئێستاشدا گەر خەباتی ڕاستەقینە نەبێت بۆ دیموکراسییەت، لە ناوەوەو دەرەوەی حیزبەکان. گەر دەنگی بەهێزنەبێت لە ناو جەرگەی کۆمەڵگای مەدەنییەوە قسەبکات، گەر ڕێکخراوو سەندیکاو دەزگا مەدەنییەکان خۆیان لە مۆنۆپۆڵی حیزبی ڕزگارنەکەن، ئەوا تێناگەم بۆ و بەهانە چییە دەسەڵاتی تاکرەو درێژە بە ژیانی خۆی نەدات؟ بەهەرحاڵ قسەیەکی زۆرزۆرم لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە کە بە هیچ جۆرێک لێرەدا ناتوانم تێریبکەم، هێندەت پێدەڵێم، کە لاوازی دیموکراسییەت لە کوردستاندا گورزێکی کوشندە لە دیموکراسییەت دەدات لە عێراقدا، کە دواجار تەنیا ئێمەی کوردو حیزبە کوردییەکان دەبینە قوربانی هەرە گەورەی. نمونەیەکی شێواوو کارتۆنی دیموکراسییەت لە کوردستاندا، نمونەیەکی کارتۆنی دیموکراسییەت لە عێراقیشدا دەچەسپێنێت، کە قوربانی هەرە گەورەی تەنیا ئێمەی کورد خۆمان دەبین. لە دایکبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەهێز لە کوردستاندا تەحەدایەکی ئەخلاقییە بۆ کۆی کۆمەڵگای عێراقی. من باوەڕم وایە کە چارەنووسی دیموکراسییەت لە عێراقدا بە چارەنووسی دیموکراسییەتەوە بەستراوە لە کوردستاندا. ئێستا پێویستیمان بە بەرنامەیەکی ڕیفۆرمی دیموکراسی هەیە، ئێستا ئەو ساتەیە کە خەون دەتوانێت کۆدیتا بەسەر واقیعدا بکات، ئەو ساتەیە کە خەون دەتوانێت شوێنی سەدام حوسەین لە دەسەڵاتدا بگرێتەوە. گەر ئەمجارە دیموکراسییەت سەرنەکەوێت تەنیا هێزە «دیموکراسەکان» بەرپرسیارن، نەسەدام حوسەین بەرپرسیارە، نە ئیسلامییەکان. هەردووک ئەم هێزانە ئەگەرچی بنەمای زۆر گەورەیان هەیە، بەلام ئێستا بۆیەکەمجار لە مێژوودا شانسی ژیانیان لە شانسی دیموکراسییەت بەهێزتر نییە.

**پرسیار: ئەمێستا بە ناوی قبوڵکردنی جیاوازی و لێبوردن و دیموکراسییەوە، فرسەت بە جەللادەکانی دوێنێ دەدرێت«خەزرەجی» بۆ نمونە. ببنەوە بە ئۆپۆزیسیۆنی ئەمڕۆ بێئەوەی دادگایی بکرێن، ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ بووە بەوەی کە مرۆڤکوژەکانی ئەوسا ببنەوە بە هیومانیستەکانی ئێستا بێئەوەی سزابدرێن، کاریزماسازو دیکتاتۆرپەرستەکان خۆیانمان لێبکەن بە نوێنەری ئەدەبی یاخیبوون بێئەوەی فەنابکرێن... دەمەوێت مانای ئەم چەمکە و پێودانگێکی دادگاییکردنم بۆ دیارییکەیت تاوەکو بتوانین بەعسی لە نابەعسی، ئەنفالکار لە ئەنفالکراو، جەللادو قوربانی جیابکەینەوە.**

بەختیار عەلی: دیارە زۆر زەحمەتە بۆ نوسەر لە لێبوردن زیاتر، لە قووڵکردنەوەو چەسپاندنی لێبوردن زیاتر داوای هیچ دی بکات. ناکرێت شاعیربیت و داوای کوشتنیش بکەیت، ناکرێت شاعیربیت و داوای تۆڵەبکەیت.

زەحمەتە بۆ من داوای فەناکردنی هیچ کەس بکەم، ئەوەیان ئەستەمە. من خەون بەوەوە دەبینم دەستووری عێراق سزای مردن هەڵگرێت. خەون بە یاسایەکەوە دەبینم بەڕەحمتر بێت لە تاوانبار، خەون بە قوربانییەکەوە دەبینم دڵنەرمتربێت لە جەلاد.

واتە کێشەی من لەگەڵ خودی چەمکی لێبوردندا نییە، بەڵکو لە یاریکردندایە بە چەمکی لێبوردن. بەر لە چەند ساڵێکی کەم تەنیا لەسەر چۆڵەکردنی خانوویەک کۆمەڵێک کۆمۆنیست کوژران، ئەگەر مەسەلە لێبوردن بێت، ئەمە بۆخۆی گەورەترین نیشانەی نەبوونی لێبوردنە. واتە مەترسییەکە لەوەدایە چەمکی لێبوردن بەکاربهێنیت بۆ سیاسەتکردن، بەکاریبهێنیت بۆ بەخشینی سیفەتی ئەخلاقی بە شتێک کە دوورو نزیک پەیوەندی بە لێبوردن و ئەخلاقەوە نییە. ساڵێک لەمەوبەر لە سلێمانی کۆمەڵێک زەوی درا بە تورکومانەکان، من گوێم لە دکتۆر بەرهەم ساڵح بوو لە تەلەفزیۆنەوە شتێکی گووت ماناکەی ئەوەبوو ئەوانەش وەک کوردە ئاوارەکان دەرکراون و ئینسانییەت وا پێویست دەکات بە یەکسانی لەگەڵ ئاوارە کوردەکاندا مامەڵەیانبکەین، من یەکێک بووم کە بێئەندازە ئەو وەڵامەم پێخۆش بوو، ئەگەرچی دەشمزانی دژایەتێکی زۆر زۆری ئەو بڕیارە هەیە، من لە کۆڵن دەژیم، لەم شارەدا سەد و بیست نەتەوەی جیاوازی تیایە « لەسەروو ئەوەشەوە هێشتا بەردەوام باسی ڕاسیزم دەکرێت لە ئەڵمانیا » بۆدەبێت خەون بەوەوە نەبینین کە نەوەک تەنیا لە کەرکوک ، بەڵکو لە سلێمانیشدا کۆمەڵێک نەتەوە پێکەوەبژین. بەڵام من کە ئەو هەڵوێستەم بە دیوە جوانەکەیدا وەرگرت، ئێستا دەپرسم بەڕاست ئەوە هەڵوێستێک بوو لە توانای لێبوردنەوە هاتبوو؟ یان هەڵوێستێکی سیاسی بوو بەرابەر تورکیا بۆ بەکارهێنانی تێکچوونی پەیوەندی پارتی و بەرەی تورکمانی بۆ خۆنزیکخستنەوەی زیاتر لە تورکیا؟. کە ئەمڕۆ من و هەزارانی تریش دەبیستین حیزبە سیاسییەکانی ئێمە چ تاڵانکارییەکیان لە کەرکوکدا کرد، بێئەوەی تا ئێستا گوێمان لێبێت بەرپرسێکی حیزبی بگیرێت و سزابدرێت، بۆماندەردەکەوێت، سیاسەتی کوردی بە گشتی چ ئەخلاقێکی ڕاستگۆیانەی لە پشت نییە، پڕە لە ناکۆکی، پڕە لە مەزاجییەت، پڕە لە پێوانەی دژ و ناهاوتا. ئەگینا چ مانایەکی هەیە لەسەرێکەوە خۆت وانیشانبدەیت دڵێکی گەورەت هەیە، بەیەکسانی میهرو دڵنیایی بەسەر هەموو کەرکوکییەکی ستەمدیدەدا بەشدەکات، لەسەرێکی دیشەوە سزای ئەوانە نەدەیت کە ئەو تۆزە خاشاکەشیان تالانکرد کە بەعس دوای خۆی جێیهێشتبوو. لە ڕاستیدا ئەمجۆرە لێبوردنە ترسناکە، چونکە لەژێر پەردەی لێبوردندا کۆمەڵێک هەڵوێستی سیاسی تێدەپەڕێنێت کە کەمتازۆر پەیوەندیان بە لێبوردنەوە نییە. لێرەدا حەزدەکەم هەندێک ڕوخساری ئەو جۆرە لێبوردنە تەماشابکەین، بۆئەوە نا کە توانای لێبوردن لە خۆماندا بکوژین، بۆئەوەنا کە گەر باسێک لە لێبوردن هەبێت سەرکۆنەیبکەین، بۆئەوەنا بەو سیاسیانەدا هەڵشاخێین کە بەڕاست خەون بە لێبوردنەوە دەبینن بەڵکو بۆئەوەی لێبوردن بخەینەوەسەر مانا سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییە ڕاستییەکانی. بۆئەوەی ئەگەر لە تواناماندا بێت کۆمەکێکی بچوک بەوانەبکەین کە دەیانەوێت لێبوردن بهێننە ناو کولتووری سیاسی ئێمەوە.

١. جۆرێک لە لێبوردن هەیە پەیوەندی بە کولتووری دیکتاتۆرییەوە هەیە، دیکتاتۆر تەنیا ئەو پیاوەنییە کە سەری خەڵک دەبڕێت، بەڵکو کەسێکە بڕێک لە دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگای لێبوردنەوە ئەزموونەدەکات. سەدام حوسەین خۆی مامۆستای ئەمجۆرە لێبوردنانەبوو، لێبوردنە بەردەوامەکانی سەدام ئاماژەیەکی بەردەوام بوو بۆ خەڵک تا ببینن سەدام حوسەین تەنیا توانای دروستکردنی مەرگی نییە، بەڵکو مەخلوقێکە ژیانبەخشیشە. بیرت نەچێت دیکتاتۆر کەسێکە خۆی دەخاتە مەقامی یەزدانەوە و دەیەوێت تێمانگەیێنێت کە مردن و ژیانمان بەدەست ئەوە. واتە هەندێک لێبوردن هەیە، بریتییە لە نیشاندانەوەی دەسەلات و دەرخستنی، شێوەیەکە لە هێز نواندن. زۆربەی ئەو لێبوردنانەی کە پاشاو سەرۆکەکان دەریدەکەن لێبوردنی لەمجۆرەن. لە هەندێک لە وڵاتە دیموکراتەکانیشدا دەستور بوار بە پاشا یان سەرۆک دەدات لە سنوورێکی دیاریکراودا هەندێک لێبوردن دەربکات. بەڵام ئەم لێبوردنە لە دوای دادگاو دەرچوونی حوکمی حاکمەکانەوە دێت، نەوەک پاشا یان سەرۆک

بەر لە دادگا بڕیاربدات، واتە خۆی ببێت بە حاکم و داوەرو داوەری گشتی.

٢. کێشەکە لە وڵاتی ئێمەدا زۆر زۆر ترسناکترە، واتە مەسەلەکە مەسەلەی لێبوردن نییە، بەڵکو مەسەلەی تاوانبارنەکردنە، کاتێک دەتوانین قسەلە لێبوردن بکەین کە تاوانبارمان هەبێت. لێبوردن ترسناک نییە، بەڵام تاوانبارنەکردن ترسناکە، لێبوردن هەرچییەک بێت لە خزمەتی مرۆڤدایە، بەڵام تاوانبارنەکردنی گوناهباران لە خزمەتی پیاوکوشتن و دیکتاتۆرییەتدایە. ئەوەی لە کوردستان و حیزبە کوردییەکانی دەبیستین لێبوردن نییە، بەڵکو پاکڕاگرتن و جوانکردن و مەکیاجکردنی مێژووی پڕ تاوانی کۆمەڵێک کەسانە کە ڕاستەوخۆ دەستیان لە کۆمەڵکوژیدا هەبووە. لێبوردن پەیامێکە بۆپێکەوەژیان ، بۆ پتەوکردن و پاراستنی جیاوازییەکان. بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە سیاقی قسەکردندا لەسەر بەعسییەمرۆڤ کوژەکاندا بێماناکردنی وشەی لێبوردنە، پیسکردن و ئالودەکردنێتی. وشەی لێبوردن لە مەسیحەوە تا لیسینگ کە یەکەم کەسە ڕاستەوخۆ مەسەلەی تۆلێرانس دەهێنێتە ناو کەلەپووری فەلسەفییەوە وشەیەک نییە مانای ئەوەبێت بە تاوانبار نەڵێین تاوانبار. وشەی لێبوردن جوانترین وشەیەکە کولتووری مرۆڤ بەرهەمیهێنابێت، با ئەم وشەیە تێکەڵی ئەم گەمە ناشیرینە نەکەین، ئەمەی ئێستا هەیە پرۆسەی «سپییکردنەوەی بەعسییەکانە» نەوەک لێبوردن. وەک چۆن مافیایەک هەیە پارەی ڕەش لە بازاڕەکاندا سپییەدەکاتەوە مافیایەکی سیاسیش هەیە، بەعسییەکان لە ناوەندی سیاسیدا سپیدەکەنەوە. چەمکی لێبوردن بۆئەوە نییە قوربانی لە جەلاد خۆشبێت، بۆئەوەنییە ئەوانەی لە گیانی سەدان هەزار کەس بەرپرسیارن تاوانبارنەکرێن. بەڵکو بۆئەوەیە قوربانییەکان لە یەکتر ببورن، بۆئەوەیە کورد عەرەب بە گوناهبار نەزانێت، منداڵانی کەربەلا  منداڵانی تکریت تاوانبارنەکەن، شیعە تۆڵە لە سوونییەکان نەکەنەوە، کورد دەستنەبات بۆ ماڵوحاڵی تورکمان. ئەوەی ئەنفالکراوە بە ئەنفال وەڵامنەداتەوە، ئەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی لێدروستکراوە، گۆڕی بە کۆمەڵ دروستنەکاتەوە. لێبوردن بۆئەوەیە کەسانی کۆکوژ لە ناوماندا دەرنەکەون، نەوەک بۆئەوەبێت کەسانی کۆکوژ تاوانبارنەکرێن. لە ڕاستیدا هۆکارەکانی سپییکردنەوەی بەعسییەکان، گەلەک زۆرن، بەڵام هیچیان پەیوەندیان بە لێبوردن و ئەخلاقەوە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هۆکارەکان سیاسی و سایکۆلۆژیین. ئێستا وەک چۆن لە ئەوروپا ئەوانەی هۆلۆکۆست ڕەتدەکەنەوە دەدرێن بە دادگا دەبێت هەوڵێکی یاسایی جیدی بدرێت ئەوانەی داڵدەی کەسانی کۆکوژیان داوە دادگاییبکرێن. دیارە ئەم کارە یاساناس و مافپەروەران دەبێت بیکەن کە ئێستا کاتی ئەوەیە خۆیان وەک هێزێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی نیشانبدەن، ئێستا کاتی ئەوەیە حاکمەکانی کوردستان بێئەوەی چاوەڕوانی دەمی کەس بن فەرمانی گرتن و بانگهێشتی هەندێک لە تاوانبارە گەورەکان دەربکەن، بێئەوەی گوێبدەنە ئەوەی ئەم حیزب یان ئەو حیزب دەڵێت چی، دڵنیام گەر کاری وابکەن هەموو خەڵکی کورد لە پشتیان دەبێت، دڵنیام هەزاران کەسی مرۆڤدۆست و دیموکرات لە ناو پارتی و یەکێتیدا لە پشتیان دەبن. ئێستا ئەو ساتەیە کە دادوەران و حاکمان دەبێت ببنە هێزێکی ئەخلاقی هەموومان لێوەیان فێرببین و ملکەچی بڕیارەکانیان بین. ئێستا بۆدەبێت خەزرەجی لە دانیمارک دادگاییبکرێت، بۆ دادگای سلێمانی یان هەولێر بانگهێشتی خەزرەجی و دەیانی وەک ئەو ناکەن بۆ تەحقیق، بێئەوەی تەماشای ئەوەبکەن ڕاوبۆچوونی سەرکردایەتی حیزبە کوردییەکانمان چییە؟ ئەی دیموکراسییەت مانای چی؟ سەربەخۆیی قەزا مانای چی؟ لە ڕاستیدا گەر قەزای کوردستان و حاکمەکانی لەمجۆرە ساتانەدا دەستبەکارنەبن چ میسداقییەتێک بۆ ئەم دادگایانە نامێنێتەوە، ناکرێت دادگا مریشک دزەکان دادگاییبکات و دەرهەق بە کۆکوژەکان بێباک بێت. وەک دەڵێن ئێستا تۆپەکە لە یاریگای دەزگا قەزائییەکانی کوردستانەدایە تا تەواو بیسەلمێنن دەزگای سەربەخۆن و لەسەروو هەموومانەوەن. بۆیە ئەو یاداشتنامەیەی ٣١ /٥ ی ماڤپەروەرانی کوردستان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی  شتێکی بێئەندازە گرنگە، سەرەتایەکی پێویست و گەورەیە تا کۆمەڵگایەکمان هەبێت ماڤپەروەران ڕۆڵی گەورەی خۆیان بگێڕن.

٣. ئەو لۆژیکەی حیزبە کوردییەکان لە ساڵی نەوەدو یەکدا بەکاریانهێنا، بۆ سپییکردنەوەی بەعسییەکان، تەنیا ئەوەنەبوو لێیان بگەڕێن بێ سزا دەرچن و لە ماڵی خۆیاندا دانیشن، بەڵکو ئەوەبوو دووبارە بەکاریانبهێننەوە، هەموو دەزانین ئێمە لە کوردستاندا هەتا یەک بەعسیشمان نەدا بە دادگا، نەوەک هەر نەدران بە دادگا، بەڵکو لە ناوەندی ڕۆشنبیریدا بینیمان درێوترین کەسانی بەعسیان هاندا ئەوان خەڵک بدەنە دادگا و داشیان.. بەکارهێنانی بەعسییەکان بۆ پراکتیککردنی هەمان ڕەفتاری کۆنیان لە دەرەوەی بەعس و لە ئیدارەیەکی تازەدا، نامەیەکە ئێمە دوازدەساڵە ناوەڕۆکەکەی دەخوێنینەوە، قەبووڵکردنەوەی بەعسییەکان بۆ ئەوەنەبوو حیزبە کوردییەکان پێمانبڵێن «تەماشاکەن ئێمە چەند دڵمان گەورەیەو هەمووتان قبووڵدەکەین» تەواو بە پێچەوانەوە بۆئەوەبوو پێمانبڵێن «ئاگاداربن دەکرێت ئێمە وەک بەعس ڕەفتارتان لەگەڵدابکەین». بۆئەوەنەبوو بڵێن «با ڕابوردوو لە یادبکەین»، بەڵکو بۆئەوەبوو پێمانبڵێن «هەموو ڕەگەزەکانی ڕابوردوو ، کە جاران بە دەست بەعسەوە بوو ئێستا لەدەستی ئێمەدان». ئەم لۆژیکە پەیوەندی بە لێبوردنەوە نییە. بەڵکو بە سەنتەریزمی حیزبەوە هەیە لە ناو خۆیدا، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لای حیزبەکانی ئێمە بچوکترین پەرژەوەندی حیزب لە بەرزترین بەهای مرۆڤانەو بەهای ئەخلاقی و نرخی کۆمەلایەتی گرنگترە. ئەمجۆرە لێبوردنە لەسەر فەرامۆشکردنی کۆمەڵێک چەمکی تر دروستبووە، لەسەر پێشێلکردنی بنەماکانی وەک «دادپەروەری» « ڕێزی مرۆڤ» «ڕێزی ژیان» «ڕێزی هەق» دروستبووە. لە کاتێکدا هیچ کات ناکرێت لێبوردن لەسەر ئەم بنەمایانە دروست ببێت. کە لێبوردن کەوتە سەنگەرەوە لەگەڵ ئەم سیستەمەدا لە بەهاو نۆرم، ئەوا بە دڵنیاییەوە لێبوردن نییە، بەڵکو دووبارە کوشتنەوەی قوربانییەکانە، دووبارە زیندەبەچاڵکردنەوەی مردووەکانە، ئەمەیان لێبوردن نییە بەڵکو بەشداریکردنەوەی بکوژانە لە تاوانەکەیاندا، پشتگرتنی جەلادە دژی قوربانی. ئەمە کەی لێبوردنە چەقۆ ماچبکەیت و تف بکەیتە برین، دەمی قوربانییەکان داخەیت و ئازادی بدەیت بە جەلادەکان، پێ بە جومجومەی کوژراوەکاندا بنێیت و باوەشبکەیت بە پیاوکوژەکاندا.

**تێبینی:**

**بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر هیچ کەسێک یان دەزگایەک مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەی نییە.**